## دوای خۆپیشاندانەکەی کەلار، بەرپرسان بەردەوام سەردانی ئەوشارە دەکەن ... هۆگر غەریب —هەولیر

دوابەدوای خۆپیشاندانە گەنجانیەکەی شارۆچکەی کەلارلە (7) ی ئەیلولی 2005 بەردەوام بەرپرسانی حکومی وحیزبی سەردانی ئەوشارۆچکەیە دەکەن وبەلێنی جێبەجی کردنی داواکاریەکانیان دەدەن. لەرۆژی روداوەکەوە وەفدێکی مەکتەبی سیاسی یەکیتی ووەزارەتی ناوەخۆ دەگەنە شارەکەولەگەڵ مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی کۆدەبنەوە بۆزانینی هۆکارەکانی ئەم خۆپیشاندانە، پاشان لەسەر ئاستی جیاجیا چەندین وەزیرونوێنەرانی وەزارەتەکانی ئیدارەی سلێمانی وبەرپرسانی یەکێتی سەردانی ئەوشارەدەکەن لەکاتی سەردانیکردنی مەکتەبی سیاسی یەکیتی وحکومەت بۆکەلار لەگەل بەرپرسانی ئیداری شارەکە کۆدەبنەوەو هەرەشەی زۆریان لی دەکەن، کەستافی ئیداری شارەکە بونەتە هۆکارێك بۆهەڵسانی رقی جەماوەرو سازدانی خۆپیشاندانەکە. جێگای باسە لەکاتی سەردانی کردنی بەرپرسانی یەکێتی وحکومی تا ئێستا رێگا نادەن هیچ دەزگایەکی راگەیاندن جگە لەدەزگاکانی خۆیان بەشداری بکەن لەوکۆنگرە رۆژنامەوانی وسەردانانە. شایانی باسە خۆپیشاندانەکەی شاری کەلار لەئەنجامی ئەوگەندەڵیە ئیداریانەونەبوونی خزمەتگوزاریەکانی رێگاوبانەکان وئاووکارەباو. . . . . هتد بوو. کەلەلایەن چەند رێکخراوو سەنتەرێکی گەنجانە سازکراو دواتر جەماوەرێکی زۆر بەشداریان تیا کرد. شایەتحاڵەکان وبەشداربوانی خۆپیشاندانەکە دەڵێن:زۆربەی بەشداربووان لە ئەندامانی یەکێتی وپۆلیس وئاسایشی ئەوشارەبوون کەوەکو خۆپیشاندەرێك بەشداریان تێدا کردووەو برینداریش بوون.